## ڕێکخستنی وەرزشی قوتابخانەکان

- کارگێری و ڕێکخستن وانەی پەروەردەی وەرزشی
- سیماکانی وانەی پەروەردەی وەرزشی

وانەی پەروەردەی وەرزشی چەندین مەرجی پێویستە بۆ سەرکەوتن، لەگرنگترین مەرجەکان:

**یەکەم:** پێویستە وانەکە ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت کە مامۆستاکە هەوڵی بۆ دەدات.

**دووەم:** وانەکە لە وردەکارییەکانی لەگەڵ بنەما دروستەکان بگونجێت بەواتەی:-

١- یاریگا کە پاك و خاوێن و ڕێکخراوبێت، هیچ کێشەیەکی نەبێت وەك بوونی چاڵەکان.

٢- پێویستە چالاکی وانەکە گونجاو بێت لەگەڵ باری کەش و هەوا بۆیە ناکرێ جولانەوەیەکی کەم بکرێت لەکەش و هەوایەکی سارد هەروەها جولانەوەیەکی بەهێز ئەنجام بدرێت لەکەش و هەوایەکی گەرمدا.

٣- جل و بەرگی قوتابیان گونجاو بێت بۆ چالاکی وەرزشی.

٤- پێویستیە بابەتەکانی وانە گونجاو بێت بۆ توانای قوتابیان و تەمەنیان.

٥- سیستەمێکی تایبەت هەبێت بۆ خۆگۆڕین و خۆشتن.

٦- وانەکە بایەخ بە پاك و خاوێنی قوتابیەکان بدات و ئامۆژگاریان بکات لەم بوارەدا.

٧- مامۆستاکە خۆی نمونەبێت بەبایەخ دان بە تەندروستی خۆی و روخساری پاك و خاوێنی.

**سێیەم:** پێویستە چالاکییەکان لەسەر بنەمایەکی دروست بێت کە گونجاو بێت لەگەڵ هەر دوولایەنی دەروونی و پەروەردەیی بەمانای:

١- پێویستە چالاکییەکان سەرنج ڕاکێش بن و لەگەڵ تەمەنی قوتابیەکان گونجاو بێت.

٢- پێویستە وانەکان چەند چالاکییەکی ئازادی خۆرسکی تێدابێت.

٣- پێویستە لەوانەکە قوتابیان بۆ درێژترین کات بەشداربن.

٤- پێویستە قوتابیەکان ئاگاداری یاساکانی چالاکییەکانی ناو وانەکە بن.

٥- وانەکە جۆرێك لەهەماهەنگی و ململانێ تێدابێت.

٦- پێویستە وانەکە بەوانەی پێشوو و وانەی داهاتوو بەستراوبێت.

٧- وانەکان هەل بدات بۆ قوتابیان بۆ رابەرایەتی و پابەندبوون.

٨- بەشەکانی وانەکە پێویستە تەواوکەرو زنجیرەدار بن بەمانای ئەوەی قوتابیەکان بتوانن لەبەشێك بۆ بەشێکی دیکە بڕۆن بەکەمترین گواستنەوەی ئامێرەکان و گواستنەوەی گروپەکان.

٩- وانەکە پێویستە ئامانجێك بێنێتەدی کە نزیك بێت لەئامانجی گشتی پرۆگرامی خوێندن.
١٠- پێویستە قوتابیەکان بەروونی لەئامانجی وانەکە تێبگەن.

**چوارەم:** وانەی پەروەردەی وەرزشی هەوڵ بدات خورەوشت و بنەمای کۆمەڵایەتی لەدەروونی قوتابیان دروست بکات، پێویستە مامۆستا کەش و هەوایەك دروست بکات کە نزیك بێت لەکەش و هەوای راستەقینەی ژیان کە لەتەوەری وانەکە دابێت بۆ ئەوەی بنەماکانی خوورەوشتی بەرز لە دەرونی قوتابیان دروست بکات، وەك هەماهەنگی لە پێکەوەژیان و ململانێی راستەقینەو رێزگرتن لە دەسەڵات کە ئەوانەش ئامانجی بەدی هێنانی بنەماکانی سۆشیالیستیە، وانەکە لایەنی پراکتیکی تێدابێت، چالاکی بۆ هەمووان و هەر کەسێك بواری بەشداریکردنی هەبێت، هەروەها پێویستە بنەمای هەلی رابەرایەتی بۆ هەمووان پیادە بکرێت لەگەڵ هەماهەنگی لەکاری کۆمەڵایەتی و خۆماندووکردن لە پێناو گروپداو بەشداری کردن لە دانانی پرۆگرام لەگەڵ بنەماکانی دیکەی سۆسیال دیموکرات کە پێویستە بەشێوەیەکی پراکتیکی لەوانەدا پەیڕەو بکرێت بۆ ئەوەی وانەی پەروەردەی وەرزشی بەشداربێت لە ئاگادارکردنەوەو دروستکردنی کۆمەڵگایەکی دروست.

**پێنجەم:** چالاکییەکان لەگەڵ تواناکانی قوتابخانە بگونجێت بەمانای:
١- ئەو گۆرەپانەی ئامادەکراوە گونجاو بێت بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان بەئازادی.
٢- پێویستە ئامێرەکان شایستەبن بۆ ئەوەی قوتابیەکان تووشی هیچ رووداوێك نەبن.
٣- یاریگاکە گونجاو بێت بۆ جۆری ئەو چالاکییەی کە قوتابیان ئەنجامی دەدەن.

**شەشەم:** لەکاتی جێبەجێکردنی وانەکە پێویستە ئەم خالانەی پەیرەو بکرێت:
١- بەشی یەکەمی وانەکە بۆ خۆشی و ئامادەکردنی قوتابیان بێت.
٢- پێویستە بەزووترین کات قوتابیەکان وانەکە دەست پێبکەن و کات بەفیرۆ نەدەن.
٣- لەکاتی وانەکە پابەندبوون و رێکخستن پەیرەوبکرێت.
٤- کەسایەتی مامۆستا فاکتەرێکی کاریگەربێت لەکاتی وانەکەدا.
٥- پێویستە بەشەکانی وانەکە بەرێزبەند بێت کە یارمەتی دەربێت لەپێشکەوتن لە وانەیەك بۆ وانەیەکی دیکە و کارەکان بەیەك ببەستێتەوە لەکاتی وانەکە لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە ماندووبوون.
٦- پێویستە گۆرانکاری لەرێکخستنی هۆڵ یان یاریگا و گۆرانکاری لەئامێرەکان بکرێت لەکاتی جیاجیادا.

٧- زۆر پێویست نییە کە هەموو بەشەکانی وانە لە پێشەکی و مەشقەکان و چالاکی تیۆری و پراکتیکی و کۆتایی لەخۆ بگرێت، بەڵام پێویستە وانەکە چالاکی تێدابێت لەمەشقکردنی هەموو بەشەکانی لەش بەتایبەتی لەسەرجەم ماسولکەکان.

٨- پێویست ناکات مەشقەکان بەهەمان سیستەمی شوێنی قوتابیان ئەنجام بدرێت بەڵکو پێویستە گۆڕانکاری لە گروپەکان بکرێت بۆ ئەوەی وانەکە قوتابیان تووشی بێزاری نەکات.

٩- پێویستە قوتابیەکان لەسەر کاری بایەخ دان بە ئامێر و یاریگاکان رابێن.